# بایەقووش و کوندەپەپووی سەر قەبرەکەم

زمناکۆ بورهان قانع

( ئێوارەیەکی غەمبار ی ئەم پایزە)

zimnaco@hotmail.com

( ئێمەی مرۆڤـ گومناوێکین لەبەردەم کابووس و وەیشوومەی ژیاندا گیرمان خواردووەو ڕووبەڕوو بوونەوەمان تەنها لەگەڵ پووچیدایە )

" سادقی هیدایەت "

ئەمشەو... بە منداڵی خۆم پێدەکەنم

منداڵیەك

پڕی بوو لە شەرمی شکاو

لە یاقووتی نەدرەوشاوە

لە میوەی ڕزیوی باغاتی عەدەن

پڕی بوو

له گریانی سەرخۆشێك

لەبەردەم قاپی مەیخانەیەكی تاریكدا

له خوێندنی كوندەپەپوویەكی نەگبەتو شووم

كه هەموو منداڵانی گەڕەك

بەردەوام بەردمان تێدەگرت

تاكو هەڵنەنیشێت

لەسەربانی ماڵی كەسمان

پڕی بوو

له شكستی بەردەم بۆڵە بۆڵی دەفی دەروێشێك

كه هەلهەلەی زیكری ئەو

منی دەكردە

نائومێدترین پیاوی

نێو ئەم جەنگەڵە بێمانایەی ژیان

كه له گۆڕستانێكی بێ نووردا

مردووه زەردهەڵگەڕاوەكانی ناوی

گاڵتە بەم عومرە لەت بووەم ئەكەنو

خۆیان بە بەختەوەرتر دەزانن

منی كردە

ئەو ئەسپ سوارە فاشیلەی

تەنها له بێستانەكانی هاوڕێكانمدا

غارغارێنم ئەكردو

**ڕیتمی چوارناڵەکیم تێك ئەدا**

**منی کردە**

**بیست‌و هەشت پارچەی تێکشکاو**

**بیست‌و هەشت هەناسەی خنـکاو**

**بیست‌و هەشت خولیای بەجێمـاو**

**چونکە ئێستا....**

**بەم بیست‌و هەشت ساڵە شلۆقەی تەمەنمەوە**

**لە موسافیرێك دەچم کە هێندە دەستی سپی بێت**

**ئاوەزی ئەوەی نەبێت جانتایەك بکاتە شان‌و**

**تاقەتی ئەوەی نەبێت خەریتەی ئەو شارە هەڵگرێت**

**کە سەفەری بۆ دەکات‌و**

**لە توانایدا نەبێت جارێکی ترفوو لە پشکۆیەك بکات**

**کە وەك خوێنێکی داچۆڕاو**

**لە جەستەی مرۆڤێکی هەلاهەلا**

**سوور دەنوێنێت**

**بەم عومرە سەقەتەی ئێستامەوە**

**لەو مەغۆلە گەمژەیە دەچم**

**کە ناتوانێت زەخرەفەیەك لە وێنەی باڵی پەپوولەیەك**

**دروست بکات**

**لەو ئیمپراتۆرە خوێڕی یە دەچم**

**کە لۆگاریتمی دنیای شکاندو**

**حەیای جەبرو هەندەسەی برد**

**کەچی خۆی دەکات بە ئوستادی**

**ماتماتیکی موسیبەتێك**

**شوومتر لەو بایەقووشەی**

**بە منداڵی بەردمان تێدەگرت بە قسەی پیرەژنەکانی گەڕەك**

**گووناهبارم...**

**هەر لەم شەوە تاریکەدا**

**واهەست دەکەم**

**گووناهبارم...**

**وەك ئەو مەنجەنیقەی**

**لەسەر قوللەی کەشتیەکدا**

**گیری خواردووەو**

**لە خۆیەوە بەرد دەگرێتە**

**زەورەقە تێکشکاوەکانی**

**ئەم دنیا پڕ لەگومانەی وجود**

**گووناهبارم...**

**وەك سەهمی ناو ئەو کەوانەی**

**لە دڵی بەریئێك ئەچەقێت**

**وەك ئەو شەیپوڕو کەرەنایەی**

**پێش هەموو جەنگێك لێدەدرێت**

**چەشنی ئەو هاوارە خنکاوەی**

لەژێر دەریادا سرەوت ناگرێت‌و

سەراسیمەیە بە بینینی

تەرمی ڕژاوی ناو کەشتیەکی نقووم بوو

جەخار ئەی مەرگ.. گووناهبارم

گووناهبارم‌و

چی دی نامەوێت بتانخەمە پێکەنین

بەو خەتە هێرۆغلیفیەی

لەجەنگەڵێکی ڕەشپۆشدا

لەسەر پارچە تەختەیەك نوسرابوو :-

کە وا جارێکی تر من

چنگم گیر نابێت لە خۆشنوودی‌و

جارێکی تر من ناتوانم

بایەقووش‌و کوندەپەپوو

لەسەربانی دراوسێکانم دەربکەم

چونکە ئێستا لەسەر قەبرەکەی منن

هەر لەسەر ئەو گۆڕە تاریکەم

بە دەنگی ترسناکی خۆیان

ئازار دەخەنە جەستەم‌و

سویێ دەخەنە برینم‌و

خورپە دەخەنە دڵمەوە .......

کوردستان نێت
Kurdistannet کوردستان نێت